# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی 23: گرفتەکانی ناردنی نەخۆش بۆ نۆرینگە ئەهلیەکان

ئابی 2019

1/9/2019

# ناوەڕۆک


| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | 4 |
| کارنامەی یەکە | 5 |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | 6 |
| بەشی دوەم: راپۆرت | |
| دەستپێک | 8 |
| راپرسی | 8 |
| جیاوازیکردنی لەنێوان نەخۆش لە ناوەندە حکومی و ئەهلیەکان | 15 |
| هاولاتیان دڵنیایی دەدەن لە ناردنیان لە ناوەندی تەندروستی حکومیەوە بۆ کەرتی تایبەت | 15 |
| پزیشکان وەڵامی هاولاتیان دەدەنەوە لە بارەی ناردنیان بۆ نۆرینگەکان | 16 |
| پزیشکێک: ناردنی نەخۆش بۆ نۆرینگەی تایبەت لە ناوەندی حکومیەوە کارێکی قێزەونە | 16 |
| بەدواداچونی بەڕێوبەران لە بارەی ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەو نۆرینگە ئەهلیەکان | 17 |
| قسەی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەبارەی ناردنی نەخۆش بۆ نۆرینگە تایبەتەکانی پزیشکان | 18 |
| داواکاری گشتی: یاساو رێنماییە پزیشکیەکان رێگە بە ناردنی نەخۆش نادەن بۆ نۆرینگە لە لایەن پزیشکەوە | 18 |

| | |
|---|---|
| 19 | پزیشکان متمانەیان بە شیکاری نەخۆشخانەکان نیە |
| 20 | نەبونی ستافی کارامە هۆکارە بۆ داخلنەکردنی نەخۆش |
| 21 | داخلکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی |
| 21 | بینینەوەی نەخۆش پێش و پاش نەشتەرگەری لە نۆرینگە تایبەتەکان |
| 22 | قسەی هاولاتیان و پزیشکان لە بارەی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکان |
| 23 | ئاماری نەشتەرگەری و داخلکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان |
| 23 | بەرپرسێکی کردە پزیشکیەکان: ژمارەی ئەو پزیشکانەی دێنەوە بۆ سەر نەخۆش لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن |
| 24 | "2 سەعات چاوەڕێمان کرد لە نەخۆشخانە بۆیە ناچار نەخۆشەکەمان بردە نۆرینگەی ئەهلی" |
| 25 | لێپێچینەوەکان لەبەرامبەر نەهاتنەوەی پزیشک بۆ بینینی نەخۆش |
| 25 | لە ناوەندە تەندروستیەکانی وەک بەشی فریاکەوتن لەبری چارەسەر سوکایەتی بەنەخۆش دەکرێت |
| 26 | داواکاری گشتی گەرمیان: دەبێت بەڕێوبەری تەندروستی و قائیمقام لێپێچینەوە لە نەهاتنەوەی پزیشک بۆ بینینی نەخۆش بکەن |
| 26 | بەڕێوبەری گشتی بەرپرسانی فریاکەوتن بەهۆکاری ئەنجامنەدانی لێپێچینەوە لە پزیشک دەزانێت |
| 27 | رێگەچارەکانی تێکەڵنەکردنی کاری نۆرینگە و نەخۆشخانە حکومیەکان |
| | بەشی سێیەم: راسپاردەکان |
| 28 | راسپاردەکان |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، لەماوەی ساڵی رابردودا یەکەکە (42) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوەو بۆ ئەمساڵیش درێژە بە راپۆرتەکانی دەدات، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1. لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2. پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3. وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بریاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دووەم: راپۆرت

## 1. دەستپێک:

بە بەردەوامی دانیشتوانی گەرمیان، گلەیی وگازندەی لە خزمەتگوزارییەکانی بینینی نەخۆش دەکەن لە ناوەندە حکومیەکانی گەرمیان، چەند پرسیارێک بە بەردەوامی دەوروژێنرێت بەوەی کە پزیشک لە گەرمیان لە ناوەندە حکومیەکان گرنگی بە نەخۆش نادات، بەشێوەیەک پێیان دەڵێن چارەسەری تۆ لێرە نیە، یاخود دانیشتوانی گەرمیان گلەیی ئەوەدەکەن کە لەکاتی بونی حاڵەتی نەخۆشی گەرم پزیشک نایەت بۆ بینینی و بەبێ بینینیان نەخۆشەکە هەندێکجار دەینێرنە سلێمانی، هەروەها ئاماژە بە داخلنەکردنی جۆرە جیاوازەکانی نەخۆش دەکەن لە گەرمیان.

لەم راپۆرتەدا بەدواداچونی ورد و بنکۆڵکارانە بۆ ئەم پرسە دەکەین و بە پشت بەستن بە داتا و راپرسی و وتەی هەریەکە لە هاوڵاتیان و پزیشکان و بەرپرسانی کەرتی تەندروستی، وردەکاریەکانی ئەم حاڵەتە باس دەکەین.


## 2. راپرسی:

ئەم راپرسیەی ئەنجاممانداوە، لەرێگەی فۆرمی چاپکراوە بوە، بەشێوەیەک لە راپرسیەکەدا 100 فۆرم لە قەزای کەلارە دابەشکراوە، لە شوێنی کاری هاوڵاتیان و ماڵان و ناو بازاڕ و شوێنە گشتیەکان بە بەشداری چین و توێژە جیاوازەکان، پێش پڕکردنەوەی فۆرمەکە پرسیاری ئەوە ئاراستەی بەشداربوان کراوە بەوەی کە پێویستە خۆی یاخود وەک هاوەڵی نەخۆش سەردانی یەکێک لە ناوەندە تەندروستیەکانی گەرمیانی کردبێت هاوکات بەشداربوان رێنمای ئەوەشیان پێدراوە کە ئەگەر خۆیان یاخود ئەو نەخۆشەی کە هاوەڵی بون روبەڕوی هەر خاڵێکی نەبونەتەوە ئەو خاڵە بە بەتاڵی جێبهێڵن.

هەروەها زەمینەی وەڵامدانەوەی نهێنی و بەبێ فشار بۆ هەمو بەشداران رەخسێنراوە، بۆ ئەوەی دروستترین و واقیعیترین بژاردە هەڵبژێرن و بەوپێیەش دەرەنجامەکان لە راستییەوە نزیکتر بن.

**وەڵامی راپرسی:**

**پرسیاری یەکەم:** کاتێک سەردانی ناوەندێکی تەندروستی حکومیت کردوە پزیشک پێی وتویت سەردانی نۆرینگەکەم بکەرەوە؟





**دەرئەنجامی پرسیاری یەکەم:** بە پێی ئەو وەڵامانەی کە دراونەتەوە لە خاڵی یەکەم، ئەگەر خوێندنەوەی گشتی بۆ بکەین/ دەردەکەوێت ٧٠٪بەشداربوان هێمایان بەوەکردوە کە پزیشک پێی وتون کاتی نیە بۆچارەسەرکردنیان لە ناوەندە حکومیە تەندروستیەکان یاخود گومانی لە ئەنجامی شیکار و تیشک و سۆناری نەخۆشخانەکان هەیە.

ئەگەرچی لە روی زانستیەوە بۆ هەندێک نەخۆشی پزیشک دەبێت دڵنیاببێتەوە و شیکاری جیاوازبکات ئەگەرچی هاوڵاتیانی بەشداربو پشتڕاستی ئەوەشیانکردوەتەوە کە پزیشکەکە پێی وتون رون نیە ئەنجامی شیکار یاخود سۆنار و تیشکەکانی نەخۆشخانە.

لەبەرامبەردا ئەو کەسانەی کە پزیشک هەر لە نەخۆشخانە چارەسەری نەخۆشیەکەی کردون هەڵبژاردەی ٣٠٪ ی بژاردەی بەشداربوان بوە. واتە بە کۆی گشتی ئاستی چارەسەرکردنی نەخۆش لە ناوەندە حکومیەکانی گەرمیان ٣٠٪ە.


**پرسیاری دوەم:** لەو کاتەی خۆت یاخود ئەوکەسەی کە هاوەڵی بویت حاڵەتی فریاکەوتن بوە پزیشک هاتۆتەوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتن بۆ بینینی حاڵەتەکە لە کاتێک کە بەشی فریاکەوتن وتویەتی پێویستە پزیشکی پسپۆر ببینێت؟




**دەرئەنجامی پرسیاری دوەم:** لە وەڵامەکانی پرسیاری دوەم دەرئەنجام زۆرینەی بەشداربوان ئەوەیان پیشانداوە کە پزیشک هاتوتەوە بۆ بینی نەخۆشەکەیان یان خودی خۆی کە پێویستی بوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار یاخود هۆڵی نەشتەرگەری ژنان و منداڵبون لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بە شێوەیەک رێژەی ٪٤٧ ی بەشداربوانی پێکهێناوە.


بەڵام بەشێکی دیکەیان کە ٪٥٣ی بەشداربوانە دڵنیاییان داوە لەوەی کە ئەوکاتەی پێویستی کردوە پزیشک حاڵەتەکەیان ببینێت نەهاتۆتەوە بۆ بینیی، یاخود پێی وتون بهێنن بۆ نۆرینگەکەم کە ئەمەش کارەکانی بەرپرسانی بەشەکانی فریاکەوتن و بەڕێوبەری گشتی تەندروستی دەخاتە ژێر پرسیارەوە بەوەی ئاخۆ بەدواداچونیان کردوە بۆ ئەو حاڵەتانە.

**پرسیاری سێیەم:** لەکاتێکدا توشی حاڵەتێک بویت یاخود هاوەڵی نەخۆشێک بویت لێرە دەتوانرا داخلبکرێت، ئەو پزیشکەی کە دەبو داخلی بکات داخلی کردون یاخود ناردونی بۆ سلێمانی؟





**دەرئەنجامی پرسیاری سێیەم:** لە شیتەڵکردنی پرسیاری سێیەم کە تایبەتە بە داخلکردنی نەخۆش لە دەرئەنجامی ئەم خاڵەدا ئەوە دەرکەوتوە کە بەشی زۆری بەشداربوان بە ڕێژەی ٦٧٪ وەڵامی "بەڵێ داخلیکردوین" هەڵبژاردوە، واتە ڕێژەکە لە سەرو نیوەوەی بەشداربوانە هاوکات لەبەرامبەریشدا ٣٣٪ وەڵامیان داخل نەکردنیان بوە لە کاتی پێویست کە چارەسەرەکەشیان لێرە هەبوە.

**پرسیاری چوارەم:** لەکاتی داخلکردنی خۆت یاخود نەخۆشیک کە هاوەڵی بویت لە نەخۆشخانە پزیشکەکەی رۆژانە دەهاتەوە بۆ بینینینتان.




**دەرئەنجامی پرسیاری چوارم:** خاڵی چوارەمی راپرسیەکە ئەوە دەخاتەڕو دەرئەنجامی ئەم پرسیارە ٤١٪ بەشداربوان وەڵامی "بەڵێ"هەڵبژاردەکەیان بوە، لە کاتێکدا راستەوخۆ بە نیوەیی ئەم ئەنجامە وەڵامەکەیان "نەخێر" بوە لە کاتێکدا لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان بەدەر لە پزیشکی پسپۆر ژمارەی پزیشکانی نیشتەجێی خولاو نیشتەجێێ دێرین نەبون بە سەرچاوەیەک بۆ چاودێری نەخۆشی داخلکراو، بۆیە نەنگیەک دەبینرێت لەوەی کە هەڵبژاردەی نەخێر نیوەی بەر ئەنجامی بەڵێ بێت. هاوکات٣٩٪ رایان جیاوازە و دەڵێن هەندێکجار پزیشک هاتۆتەوە بۆ بینینی خۆیان یان ئەو نەخۆشەی کە هاوەڵی بون.

**پرسیاری پێنجەم:** لەکاتی داخلکردنی خۆت یاخود کە هاوەڵی نەخۆش بویت پزیشک لەنێو نەخۆشخانەکە شیکار و تیشک (فەحس و ئەشیعە).کەی بینیون یاخود پێی وتون بهێنن بۆ نۆرینگە.





**دەرئەنجامی پرسیاری پێنجەم:**

لەکاتی خوێندنەوەی گشتی بۆ کۆتا پرسیار کە تایبەتە بە بینینی شیکاری نەخۆش لە ناوەندە حکومیەکان بەشداربوان بە رێژەی ٥٦٪ وەڵامیان ئەوە بوە پزیشک یان لە ناوەندە حکومیەکان شیکارەکانیانی بینیەوە یاخود لە نۆرینگە، بەڵام بلیتی پێنەبرپیون کە ئەمە حەقی نەخۆش خۆیەتی کە دەچێتە ناوەندێکی حکومی.

بەڵام لە بەرامبەردا ٤٤٪ی بەشداربوان هەڵبژاردەی "برودومانەتەوە بۆنۆرینگەو بلیتی پێ برپوین". دەستنیشانکردوە و دڵنیایی ئەوەیان داوە کە دەرئەنجامی شیکار (فحس) و تیشک (ئەشیعە)کانیان بردوەتەوە بۆ نۆرینگەی پزیشکەکە، ئەگەر چی نەخۆشەکەشیان لە ناوەندی حکومی بوە، بەڵام هەر بلیتی پێبرپیون، کە ئەمەش پێویستی بە بەدواداچون و رێنمایی تایبەت هەیە.

## زانیاری بەشداربوان:

تەمەنی بەشداربوان لە سەروی ١٨ ساڵەوە تاوەکو تەمەنی سەرو ٥٠ ساڵ، هاوڵاتیان لە هەمو توێژەکان بەشداربون، بە بەشداری ژنان و پیاوان و گەنجان.













چەند دیمەنێک لە وێنەی بەشداربوان لە کاتی پڕکردنەوەی فۆرمی راپرسیەکە

**بەشی دوەم: بەدواداچون**

1. **جیاوازیکردنی لەنێوان نەخۆش لە ناوەندە حکومی و ئەهلیەکان**

"ئەو پزیشکانەی من سەردانم کردون بەس لە عیادەکەی خۆیان ئیشیان بۆ کردوم" ئەمە قسەکانی هاوڵاتی رەشید محەمەد، بو سەبارەت بە بەدەمەوەچونی پزیشکان لە نەخۆشخانەکان.

هاوڵاتیان بەشێوەیەکی گشتی رای زۆرینەیان ئەوەیە پزیشکان جیاوازی دەکەن لەکارەکەیان لە کاتێک لە نۆرینگە دەیان بینین لەگەڵ نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستیە حکومیەکان.

هاوڵاتی (سەیران سەباح)، لەبارەی هەڵسوکەت و جیاوازی کردن لەنێوان نەخۆش لە نۆرینگە و نەخۆشخانە حکومیەکان وتی: "سەردانی پزیشکێکی چاوم کرد لە نەخۆشخانەی حکومی بەشێوەیەک تورە دەبو لە نەخۆشەکان وەک ئەوەی خێری پێبکات، نازانم بۆچی بەچاوی کەمەوە سەیری نەخۆشەکان دەکەن، مافی خۆمە بچمە ناوەندە حکومیەکان بۆچارەسەر".

وتیشی: پێشتر چومەتە نۆرینگەکەی کەسێکی قسەخۆش و بە کەیف بوە، کەچی رق و تورەبونی لە نەخۆشخانە جیاوازە.

رای دیکەی هاوڵاتیان جیاوازە بەوەی جیاوازیکردنەکە لە پزیشکێکەوە بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە وەک، ئارەزو رەشید، هێمای بۆکرد ئەو پزیشکەی کە ئەو سەردانی کردوە زۆر باش بوەو زۆر رێزی گرتون.

بەهەمانشێوە (رەسمیە فەریق)، وەک سەردانیکەرێکی نەخۆشخانەکان لە گەرمیان وتی: "پێم سەیر بو ئەو پزیشکە تاقەتی ئەو هەمو نەخۆشەی هەبو بە رویەکی خۆشەوە هاوکاری هەمومانی دەکرد".

2. **هاوڵاتیان دڵنیایی دەدەن لە ناردنیان لە ناوەندی تەندروستی حکومیەوە بۆ کەرتی تایبەت**

ناردنی نەخۆش لە ناوەندە تەندروستیە حکومیەکانەوە بۆ ناوەندە ئەهلیەکان لە نێو هاوڵاتیاندا بۆچونی جیاوازی لەسەرە، بەشێکی هاوڵاتیان دڵنیایی دەدەن کە دەنێردرێنە ناوەندە تەندروستیە ئەهلیەکان.

زێبا جەزا، یەکێکە لەسەردانیکەرانی نەخۆشخانەی گشتی ئەو لە کاتی سەردانکردنی گەرەکەکەیان بۆ پرکردنەوەی فۆرمی راپرسیەکە قسەی بۆکردین، وتی: خۆم و خوشکەکەشم پزیشک پێی وتوین بێنەوە بۆ نۆرینگەکەم لە کاتێکدا ئەو نەخۆشیەی ئەم خانمە هەیبو چارەسەری لەناو نەخۆشخانە حکومیەکان هەیە.

ژنێکی دیکە کە ناوی خۆی بۆ ئاشکرا نەکردین لە نۆرینگەی پزیشک ئەوەی پێوتین کە ئەو سەردانی نەخۆشخانەی شێرەی نەقیبی کردوە، چونکە ئەو ژنانەی وەک و ئەون لەو نەخۆشخانەیە چارەسەر وەردەگرن، بەڵام پزیشکەکە بە ئەمی راگەیاندوە کە بێتەوە بۆ نۆرینگەکەی.

ئەو ژنە نەشی شاردەوە لایەنی مادی زۆر خراپەو توانای نیە بە بەردەوامی بچێتە نۆرینگەی ئەهلی.

### 3. پزیشکان وەڵامی هاوڵاتیان دەدەنەوە لە بارەی ناردنیان بۆ نۆرینگەکان

لەبەرامبەر قسەی ئەو هاوڵاتیانەی ئاماژەیان بەوە کردوە پزیشکان لە نەخۆشخانەکان چارەسەری پێویستیان بۆ ناکەن و دەیانێرن بۆ نۆرینگەکانی خۆیان، پزیشکان دەڵێن ئەگەر پزیشک ئەوەش بڵێت لەبەرژەوەندی نەخۆشیەتی.

د.نەبەز محەمەد، پزیشکی گشتی نەشتەرگەری شکاوی، باسی لەهۆکاری ئەو حاڵەتانە کرد و بە ئاسایی لە قەڵەمی دا، بەمەرجێک چارەسەری نەخۆشەکە لە ئاستی خزمەتگوزارییەکانی نەخۆشخانەکەدا نەبێت: "نەخۆش هەیە ناتوانین لێرە چارەسەری بۆ بکەین، چونکە ئاستی خزمەتگوزارییەکانی ئێرە نەگەشتۆتە ئەو ئاستەی هەمو حاڵەتێکی تێیدا چاسەر بکرێت".

وتیشی: "هەر بۆیە بۆ ئەوەی نەخۆشەکە چارسەربکەین و ژیانی بپارێزین ناچار دەبین بینێرینە نۆرینگەکان".

بە پێی ئەنجامی گشتی راپرسیەکەش کە تایبەت بوە بەچارەسەرکردنی نەخۆش لە ناوەندە حکومیەکان، بە کۆی گشتی ئاستی چارەسەرکردنی نەخۆش لە ناوەندە حکومیەکانی گەرمیان ٣٠٪ـە.

### 4. پزیشکێک: ناردنی نەخۆش بۆ نۆرینگەی تایبەت لە ناوەندی حکومیەوە کارێکی قێزەونە

پزیشکان ئەوە دەخەنەڕو کە ناچارن نەخۆش بنێرن بۆ نۆرینگە، بەڵام هەندێکجار بەبێ هۆکار هەر بەنەخۆش دەڵێت وەرەوە بۆ نۆرینگەکەم.

د.سۆران محەمەد، پزیشکی پسپۆڕی نەخۆشیەکانی منداڵان، ئاماژە بەوەدەکات ئەمە کارێکی قێزەونە: "ساڵێک و شەش مانگ دەبێت لێرەم بەهیچ نەخۆشێکی خۆم نەوتوە وەرەوە بۆ نۆرینگەکەم ئەگەر خودی هاوەڵەکەشی پێیان وتبم ناونیشانی نۆرینگەکەت لە کوێیە بۆ ئەوەی سەردانت بکەین پێمنەداون، چونکە من ئەوکاتە لە ناوەندی حکومیم ئەرکە نەخۆشی ئێرە چارەسەر بکەم، نەوەک نەخۆش بنێرم بۆ نۆرینگە".

پزیشکە پسپۆڕەکەی منداڵان لەبارەی وەرگرتنی پارەی بلیت لەو نەخۆشخانەی کە پێیان دەوترێت بچنەوە نۆرینگەی پزیشکەکە، وتی: "ئەگەر حاڵەتێک نەخۆش پێویستی کردبێت کە بێتەوە بۆ نۆرینگەکەم ئەوانەی کە پێویست دەکات بیان بینمەوە بەهیچ شێوەیەک پارەی لێ وەرناگرمەوە، بەڵام ئەمە بۆ هەمو پزیشکێک راست نیە".

## 5. بەدواداچونی بەڕێوبەران لە بارەی ناردنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەو نۆرینگە ئەهلیەکان

لەبارەی ناردنی نەخۆشەوە بۆ ناوەندە ئەهلیەکان بیانوی ئەوە دەهێنرێتەوە کە ژمارەیەکی زۆری نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکان دەکات و پزیشکان ناتوانن هەمویان ببینن.

د.هاوار هۆشیار، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەبارەی ئەوەی کە پزیشک بەنەخۆشی وتوە لێرە کاتی نیە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەی، دەڵێت: "پزیشک ڕاست دەکات ناتوانێت لە ڕۆژێکدا ئەو ژمارە زۆرەی نەخۆش ببینێت و چارەسەری هەمویان بکات، چونکە جۆری نەخۆشیەکان جیاوازە".

بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە وتی: "ئێمە هەوڵدەدەین شێوازی بینینی نەخۆش بکرێت بە ناردن لە مەڵبەندەکانەوە بۆ نەخۆشخانەکان، ئەوکات دەتوانرێت بەشێوازێکی سەرکەوتوتر نەخۆش چارەسەر وەربگرێت لە نەخۆشخانەکان".

لەبارەی ناردنی نەخۆش بە شێوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن پزیشکەوە کاتێک ئەو نەخۆشە چارەسەری لە نەخۆشخانە هەیە، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار هێمای بەوەکرد: هەر هاوڵاتیەک بە بەڵگەوە ئەوە بسەلمێنێت بە دڵنیایەوە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو پزیشکە دەکەین.

ئەمە لەکاتێکدایە سەردانیکەرانی نەخۆشخانەکە لە ڕاپرسیەکەدا ئاماژەیان بەوەکردوە، بەڵام بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە دەڵێت بەهۆی نەبونی بەڵگەوە تاوەکو ئێستا هیچ پزیشکێکمان سزانەداوە.

یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، لەبارەی بەدواداچونەکانیان بۆ ئەم پرسە وتی: "لە ژوری بینینی نەخۆش ئاگاداری بۆ پزیشکان دانراو بەوەی کە نابێت بانگەشە بۆ نۆرینگەی خۆیان بکەن".

ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: هیچ هاوڵاتیەک سکاڵای لەم شێوەیەی تۆمار نەکردوە بۆیە هیچ لێپرسینەوەیەکیان لە هیچ پزیشکێک نەکردوە، وتیشی زۆرجار نەخۆش خۆی دەچێتەوە بۆ نۆرینگەی پزیشکەکە نەوەک ئەوەی پزیشک پێی بڵێت.

### 6. قسەی بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لەبارەی ناردنی نەخۆش بۆ نۆرینگە تایبەتەکانی پزیشکان

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان لە بارەی ئەم پرسەوە جەختی لەوەکردوە کە ناردنی نەخۆش لە ناوەندە تەندروستیە حکومیەکان بۆ تایبەتەکان نایاساییە، بەبێ ئەوەی بەڕێوبەری تەندروستی ئاماژە بە سزادانی کەس بکات.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی هێمای بەوەشکرد کە: "هیچ پزیشکێک نیە راستەوخۆ بە نەخۆش بڵێت وەرەو بۆ نۆرینگەکەم، بەڵکو ئیختیاری پێدەدات".

وتیشی: "لە بواری پزیشکی لە ئێستادا پێشکەوتنی زۆر رویداوە هیچ نەخۆشخانەیەک نە تایبەت نە حکومی ناتوانێت سەرجەم ئەو پێداویستیە پزیشکیانەی کەهەیە دابینی بکات، بەشێک لە حکومی هەیە لە تایبەت نیە یاخود بە پێچەوانەوە، بۆیە هاتوچۆکردنی نەخۆش لەو نێوەندەدا ئاساییە ئەگەر نەخۆش بە ئیختیار و حەزی خۆی بڕوات نەوەک پزیشک ناچاری بکات".

بانگەشەکان بۆ ناردنی نەخۆش رەنگە زۆرجار بە راستەوخۆی بەنەخۆش نەوترێت یاخود ئەگەر بە راستەوخۆش بە نەخۆش بوترێت بەهۆکاری لایەنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و کەمی ئاستی هۆشیاری نەخۆش سکاڵا تۆمار ناکات، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی رایدەگەیەنێت هەر کارمەندێکی تەندروستی یاخود پزیشکێک بەڵگەی لەسەر هەبێت لە لایەن هاوڵاتیانەوە یاخود لایەنەنی دیکە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

د.سیروان محمەد، وتیشی: "هەر بەڵگەیەک لەسەر ئەم پرسە بخرێتە بەردەستم لەسەر ئاستی بەڕێوبەرایەتی لیژنەی یاسایی لەسەر دروست دەکەم".

### 7. داواکاری گشتی: یاساو رێنماییە پزیشکیەکان رێگە بە ناردنی نەخۆش نادەن بۆ نۆرینگە لە لایەن پزیشکەوە

بە وتەی داواکاری گشتی گەرمیان، یاسا و رێنماییە تەندروستیەکان رێگە بەناردنی نەخۆش لە کەرتی تەندروستی حکومیەوە بۆ کەرتی تایبەت نادات، هەر پزیشکێک ئەو کارە ئەنجام بدات دەبێت لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵ بکرێت.

لەبارەی بەدواداچونەکانی داواکاری گشتی گەرمیان، دادوەر(نزار حەسەن)، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، دەڵێت: "لەبەر ئەوەی هیچ سکاڵایەک راستەوخۆ نەهاتۆتە لای ئێمە و هیچ هەواڵێکی فەرمیمان لە هیچ هەواڵدەرێکەوە پێنەگەیشتوە، بۆیە تاوەکو ئێستا هیچ لێپێچینەوەیەکی یاسایمان نەکردوە لەوبارەیەوە".

## 8. پزیشکان متمانەیان بە شیکاری نەخۆشخانەکان نیە

بە پێی دەرئەنجامی راپرسیەکەی یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێی گەرمیان، بەشێک لە پزیشکان لەگەرمیان دڵنیانین لە راستی شیکارەکانی نەخۆشخانەکان، بەشێوەیەک لەبەر ئەم هۆیە نەخۆش دەنێرنەوە بۆ نۆرینگەکانیان.

لەبەرامبەر ئەمەدا (د.هاوار هۆشیار)، بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، وتی: "خودی خۆم کە نەخۆش کەوتوم لێرە هێڵکاری دڵم کرد و لە دەرەوەی نەخۆشخانەکە دوبارەم نەکردەوە، چونکە متمانەم پێیەتی ئیتر نازانم بۆچی پزیشکان متمانەیان پێی نیە".

هەندێک پزیشکی پسپۆڕ هۆکاری ئەوەی کە پزیشک گومانی لە ئەنجامی شیکارەکان هەبێت دەگەڕێننەوە بۆ زۆری ژمارەی شیکارەکانی تاقیگەو تیشک لە نەخۆشخانەکان.

د.سۆران محەمەد، وتی: "ئەوانەی کە پسپۆڕی تاقیگەن ئەمە پشتڕاست دەکەنەوە کە بەهۆی زۆری شیکاری رۆژانە ئەو ئامێرانە توشی هەڵە خوێندنەوە دەبن".

بە پێی زانیاریەکانی یەکەکەمان، چەندین نەخۆش لەنەخۆشخانەکان کە شیکاریانکردوە ئەنجامەکانیان لەگەڵ شیکاری دەرەوە جیاواز بوە. لەگەڵ ئەمەشدا چەندین نەخۆشی دیکە ئەنجامی شیکاری نەخۆشخانەو دەرەوەی نەخۆشخانەیان وەک یەک بوە.

د.هاوار هۆشیار، لەبارەی جیاوازی شیکار و تیشک لە ناوەندە حکومی و ئەهلیەکان وتی: "هەندێکجار وا پێویست دەکات نەخۆش دوجار شیکار بکات، بونمونە شیکاری خوێن ئەمە تەنها بۆ دڵنیاییە و نابێت پزیشک بە بیانوی گومانەوە هەمو شیکار و سۆنەر وتیشکێک بنێریتە دەرەوەی نەخۆشخانە".

بەرێوبەری ئیدارەی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، لەبارەی ئەم کێشەیەوە هێمای بەوەکرد هەر شیکارێک لە تاقیگەی نەخۆشخانەکە گومانی لێبکرێت چەند جار دوبارە دەکرێتەوە.

حسێن شاکر، لەمبارەیەوە تیشکی خستەسەر ئەوەی تەنها لەیەک حاڵەت ئاگادارن کە پزیشک نەخۆش دەنێرێتەوە دەروە ئەویش بینینیەتی لە لایەن پزیشکی بێهۆشکارەوە ئەگەرچی دواتر هەر لەلایەن پزیشکی بێهۆشکاری نەخۆشخانەکەوە دەبینرێتەوە.

بۆ هۆکاری ئەمەش وتی:"ئەمحاڵەتە کاتێک ئەبێت کە نەخۆش خۆی پەلەی بێت بیەوێت لەیەک رۆژدا کارەکانی بۆ بکرێت"

کارمەندێکی تاقیگەی نەخۆشخانەی شێرەی نەقیب بەهەمان شێوە هێما بەوەدەکات کە گومانی لە شیکارێک هەبێت دوبارەی دەکاتەوە

محەمەد رەشید، وتیشی: "ئەگەر بۆنمونە خوێنی ئافرەتێک زیاد لە رێژەی پێویست بو یان کەمتر بو ئەوە دوبارەی دەکەمەوە بۆ ئەوەی دڵنیاببمەوە لە ئەنجامەکەی".

لەبارەی ئەو پزیشکانەی کە بەنەخۆش دەڵێن شیکاری خوێن بکات پێش نەشتەرگەری لە تاقیگەکانی دەرەوەی نەخۆشخانە، د.سیروان محەمەد، وتی: "ئەم کارە بە هەموشێوەیەک نایاساییە و رێگەپێنەدراوە".

## 9. نەبونی ستافی کارامە هۆکارە بۆ داخلنەکردنی نەخۆش

ئەو هاوڵاتیانەی کە لە پێشوتر لەبەشەکانی داخلکردنی نەخۆش داخلکرابون چەند گلەیی کێشەیەکیان لەبارەی ئەو بەشانەوە خستەڕو کە سەرەکیترینیان سەردانی نەکردنی بەردەوامی نەخۆشەکەیان لەگەڵ نەبونی ستافێکی کارامە لەو بەشانە، هەروەها نەگەڕانەوەی پزیشکە پسپۆڕەکان، لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە هاوڵاتیان دەڵێن هەندێک لە پزیشکە پسپۆڕەکان دێنەوە بۆ بینینی نەخۆشەکانیان.

بەگشتی ئەو رایەی کە زاڵە ئەوەیە کە پزیشک بەهۆکاری جێنەهێشتنی نۆرینگەکەی یان خودی خۆی نایەوێت نەخۆش داخلبکات بۆ ئەوەی نەیەتەوە بۆ سەردانی، پزیشکان لە بەرامبەر ئەم قسەیە دەڵین هۆکاری داخلنەکردنی نەخۆش لێرە ئەوە نیە کە خەڵک پەی پێ ئەبات.

د.نەبەز محەمەد، وتی: کۆمەڵێک ئامێری تایبەت هەیە لێرە نیە، شوێنی مانەوەی نەخۆش بۆ هەمو حاڵەتێک نابێت.

د.ریاز عەبدولجەبار، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی مناڵان، هەمان رای هەیە و دەڵیت: "لێرە نە شوێن گونجاوە نە ئامێر هەیە و نە کات بۆ نەخۆشەکان".

بەمپێیەش بێت پزیشکان هۆکاری داخلنەکردنی بەشێک لە نەخۆشەکان وابەستە دەکەن بە نەبونی ئامێر کە وایکردوە ئاستی خزمەتگوزارییەکان وەک پێویست نەبن، هاوکات نەبونی ستافی کارامەش بە یەکێکی دیکە لە هۆکارەکان دادەنرێت، پزیشکان دەڵێن لێرە پزیشکی نیشتەجێی دێرین هەر نیە تاوەکو چاودێری نەخۆشیە قورسەکان بکات، شوێنی داخلکردن و مانەوەی نەخۆشیش وەک یەکێک لە هۆکارەکان دەخەنە بەرباس.

لە نەخۆشخانە تایبەتەکەی ژنان و مناڵبون داخلکردنی نەخۆش بەهەمان شێوەیە، بەڵام بەگشتی تایبەتە بە حاڵەتەکانی دوای نەشتەرگەری، بە وتەی یاریدەدەری نەخۆشخانەکە پزیشکان ئەگەر پێویست بکات دێنەوە بۆ بینینی نەخۆشەکانیان، ئەگەر نا زانیارییەکان لە پزیشکە راهێنراوەکە وەردەگرن و بارودۆخی نەخۆشەکانیان هەڵدەسەنگێنن.

## 10. داخلکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی

لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، پزیشک دوای داخلکردنی نەخۆش ناگەڕێتەوە بۆ بینینی، بەهۆی ئەوەی ئەو پزیشکانەی لە نەخۆشخانەکە دەوام دەکەن نامێننەوە لە قەزاکە، تەنها لە یەک حاڵەتدا سەردانی نەخۆشی خەوێنراو دەکەنەوە، ئەوەش کاتێک نەشتەرگەری دەکەن لە هەمان رۆژ پێش گەڕانەوەیان نەخۆش دەبینن.

کەواتە نەهاتنەوەی پزیشک بۆ بینینی ئەو نەخۆشخانەی کە داخلکراون وای نەکردوە تەنها ژمارەیەکی کەم نەخۆش و چەند نەخۆشیەکی سوک لەو نەخۆشخانەیە داخلبکرێت؟

حەسەن شاکر، لەمبارەیەوە ئەوەی خستەڕو: پزیشک ئەگەر بزانێت لێرە نەخۆشێک کە داخلکردنەکەی بێ کێشە دەبێت داخلی دەکات و پزیشکی نیشەجێی دێرینمان هەیە چاودێریان دەکەن".

وتیشی لە کاتی هەر حاڵەتێک باری نەخۆش تێکبچێت، پزیشکانی نیشتەجێی خولاو پزیشکە پسپۆرەکە ئاگادار دەکەنەوە رێنمای لەو وەردەگرن.

## 11. بینینەوەی نەخۆش پێش و پاش نەشتەرگەری لە نۆرینگە تایبەتەکان

بەشێک لەو نەخۆشانەی قسەیان بۆ یەکەکەمان کردوە، باسیان لەوە کردوە پێش نەشتەرگەری و دوای نەشتەرگەری پزیشک پێیان دەڵێت بێنەوە بۆ نۆرینگەکەم.

ساکار کەرەم، کارمەندی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، لەمبارەیەوە وتی: "لەبەرئەوەی پزیشک هەمو رۆژێک لە نەخۆشخانە نیە بۆیە ئەگەر حاڵەتێک پێویست بکات دەبێت لەدەرەوەی نەخۆشخانە نەخۆشەکە ببینێتەوە".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان ئەمە بە راست دەزانێت کە پزیشک پێویست دەکات نەخۆش ببینیتەوە دوای نەشتەرگەری: "زۆر گرنگە بینینەوەی نەخۆش دوای نەشتەرگەری جا ئیتر ماوەکەی هەرچەند بێت، یەک رۆژ بێت یان دە رۆژ، ئەگەر هەیە ئەم رۆژە پزیشک لە نەخۆشخانە نەبێت بۆیە دەبێت لە نۆرینگە نەخۆشەکەی ببینێتەوە".

د.سیروان محەمەد، هێمای بەوەشکرد، هاوڵاتی وا تێگەشتوە پزیشک بۆ پارەیەتی، هیچ پزیشکێک پێویستی بەو پارەیە نیە تاوەکو نەخۆشەکەی ناچاربکات، بەڵام خەڵک ئەوەشی بە حەساسیەت وەرگرتوە.

## 12. قسەی هاوڵاتیان و پزیشکان لە بارەی نەشتەرگەری لە نەخۆشخانەکان

چەند هاوڵاتیەک بۆ یەکەی چاودێری ئەوەیان ئاشکرا کرد کە پزیشک هەیە چەند جارێک داوای لێکردون لە نۆرینگەکەی نەشتەرگەریەکەیان بۆ بکات، بەڵام ئەمان وتویانە کە لە نەخۆشخانە هەیە بۆچی لە نۆرینگە بیکەن، سەرباری ئەوەش پزیشکی دیکە هەیە کە نەخۆش پێی وتوە لە نۆرینگە نەشتەرگەریم بۆ بکە، بەڵام ئەو پێی وتون ئێوە لە نەخۆشخانەی حکومی سەردانتان کردوم دەبێت هەر لێرە نەشتەرگەریەکەتان بۆ بکەم.

د. نەبەز محەمەد، وتی: لەمبارەیەوە سیستەمی تەندروستی لێرە کەلێنی زۆرە بەتایبەت لە کاتی داخلکردنی نەخۆش و نەشتەرگەری قورس، چونکە پزیشکی نیشتەجێێ دێرینمان نیە یان زۆر کەمن، لە سیستەمی تەندروستی پزیشک و پزیشکی نیشتەجێی دێرین و خولاو ستافێکی کارمەندی تەندروستی ئەڵقەیەک تەواو دەکەن، بەڵام لێرە ئەو ئەڵقە پچڕاوە.

پزیشکەکەی نەشتەرگەری ئێسک و شکاوی هێمای بەوەشکرد: تاوەکو ئێستا بە شێوازی کۆن نەشتەرگەری بۆ نەخۆش دەکرێت لە نەخۆشخانەکە، وتیشی: ئەمە لە روی پزیشکیەوە هیچ کێشەیەکی نیە ئێمە بۆ نەخۆشی روندەکەینەوە کە بە ئارەزوی خۆی کامەی بەدڵبێت، زۆری لێناکەین.

بە پێی زانیارییەکان پزیشک هەبوە چەند جارێک بە نەخۆشی وتوە با لە نۆرینگە نەشتەرگەریت بۆ بکەم لە کاتێکدا نەشتەرگەرییەکەی لە نەخۆشخانە بە خزمەتگوزارییەکی باش بۆ نەخۆش دەستەبەرکراوە.

"لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، هەر کاتێک پێویستی کردبێت پزیشک نەشتەرگەری بۆ نەخۆش کردوە، مەگەر نەخۆشێک پێویستی کردبێت چاوەڕێی بکرێت تاوەکو بزانرێت بە ئاسایی منالّی دەبێت یاخود نا". ساکار کرەم، کارمەندێکی بەشی (قاوش) وادەڵێت.

هێمای بەوەشکرد: هەندێکجار نەخۆش خۆی نایەوێت چاوەڕی بکات، دەچێتە نۆرینگە و نەخۆشخانە تایبەتەکان تاوەکو نەشتەرگەری بۆ بکرێت نەوەک پزیشک خۆی پێی بڵێت.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لەبارەی ئەوەی کە نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومیەکانەوە دەچێتە نۆرینگەکان بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری، دەڵیت: "نەخۆش خودی خۆی چاوەڕێی پزیشک ناکات بۆ ئەوەی نەشتەرگەری بۆ بکات، چونکە هەر وەک چۆن کەسێک لە هەر شوێنیکی دیکە سەرە دەگرێت نەخۆشخانەش هەر بەهەمان شێوەیە جگەلە حاڵەتی گەرم نەبێت".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی دەڵێت: نەخۆش ئەمە نازانێت واتێدەگات دەبێت دەستبەجێ بۆ هەمو حاڵەتێک نەشتەرگەری بکرێت.

د.سیراون محەمەد، نمونەی ئەوەشی خستەرو "ئەگەر حاڵەتێکی شکاوی بهێنرێتە نەخۆشخانە یاخود حاڵەتێکی منالّبون ئێمە لێرە داخلی دەکەین و کاتی بۆ دیاری دەکەین چاودێری دەکرێت لە نەخۆشخانە، بەڵام نەخۆش

هەیە خۆی تەحامول ناکات و دەچێتە نەخۆشخانە وتۆرینگەی تایبەت ئەوکات بۆ گلەیی لە ناوەندە تەندروستیە حکومیەکان دەکات؟".

## 13. ئاماری نەشتەرگەری و داخلکردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەکانی گەرمیان

ئامارەکانی مانگی تەموزی چوار نەخۆشخانەکەی گەرمیان:

| ناوی نەخۆشخانە / ئامار | نەخۆشخانەی گشتی کەلار | نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی | نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب | نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار |
|---|---|---|---|---|
| سەردانی نەخۆش | 8976 | 3860 | 1490 | 4421 |
| داخلکردنی نەخۆش | 613 | ............... | 603 | |
| نەشتەرگەری | 505 | 11 | 133 | ............... |

## 14. بەرپرسێکی کردە پزیشکیەکان: ژمارەی ئەو پزیشکانەی دێنەوە بۆ سەر نەخۆش لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن

جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان لەبارەی هاتنەوەی پزیشک بۆ بینی ئەو حاڵەتانەی کە پێویستن هێمای بەوەکرد، لە چاو ساڵی پێشو جیاوازیەکی ئەو تۆی نیە، جەختیکردەوە لەوەی ئێستاش لە کاتی ئێواران کە پزیشک لە نۆرینگەیە لەگەڵ کاتژمێرە درەنگەکانی شەوان ئەم کێشەیان زۆر روبەڕو دەبێتەوە.

لەماوەی رابردودا بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان بڕیارێکی دەرکرد کە نابێت نەخۆش بە بێ واژوی پزیشکی پسپۆڕ بنێردرێتە سلێمانی، بەڵام ئەم بڕیارە بەوتەی جێگری بەرپرسی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان، پزیشکان کاری پێناکەن و ناردنی نەخۆش بە بێ واژوی پزیشک بەردەوامی هەیە.

رەفیق قادر، وتی: "کە نەخۆشەکە دەنێرنە سلێمانی ژمارەی ئەو پزیشکانەی دێنەوە بۆ سەر نەخۆش لە پەنجەکانی دەست تێناپەڕن".

هێمای بەوەشکرد: بڕیارەکە کاریگەری خۆی هەر هەبوە بەوەی ئەگەر تاڕادەیەکی کەمیش بێت هەستی پێدەکرێت.

نەهاتنەوەی پزیشک لەسەرجەم پسپۆڕییەکانە نەوەک تەنها چەند پسپۆڕییەکی دیاریکراو، ئەو نەخۆشخانەشی دەنێردرێنە سلێمانی لە رێگەی تەلەفۆنەوە دەبێت.

بە پێی ئامارەکانی ناردنی نەخۆش لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ناوەڕاستی مانگی ئاب، ٨٥٠ نەخۆش نێردراوە بۆ نەخۆشخانەکانی سلێمانی، بە پێی ئەو ئامارەش بێت ناردنی نەخۆش بە بەراورد بەساڵانی رابردو گۆرانکاریەکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەبینیوە.

لەنەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب هاتنەوەی پزیشک بۆ سەرنەخۆش جیاوازترە بەوەی پزیشکان دەگەڕێنەوە بۆ بینینی نەخۆشەکانیان.

ساکار کەرەم، کارمەندی بەشی قاوش لەنەخۆشخانەکە جەختیکردەوە کە ئەمان بۆ هەمو حاڵەتێکی کتوپڕ پەیوەندی بە پزیشکی پسپۆڕی ئێشکگرەوە دەکەن، تاوەکو ئێستاش روبەڕوی ئەو حاڵەتە نەبونەتەوە کە پزیشک نەیەتەوە بۆ بینی حاڵەتەکە.

## 15. "2 سەعات چاوەڕێمان کرد لە نەخۆشخانە بۆیە ناچار نەخۆشەکەمان بردە نۆرینگەی ئەهلی"

لەکاتی بەدواداچونەکان، سەمیر وەلید، وەک سەردانیکەرێکی بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەی شەهید هەژار بەمشێوەیە باسی لەو حاڵەتەکرد کەنەخۆشیان بردوە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی کەلار "رۆژی پێنج شەمە بەرواری ٨/١٥ ئەمساڵ نەخۆشێکی فریاکەوتنمان هەبو بەهۆی ئۆتۆمبێلەوە بەرکەوتبو شکاوی هەبو، بەڵام پزیشک نەهاتەوە بۆ بینینی تاوەکو ٢ سەعات چاوەڕێمان کرد لە نەخۆشخانە، بۆیە ناچار نەخۆشەکەمان بردە نۆرینگەی ئەهلی".

لەبارەی ئەم حاڵەتەوە، ئارام ئەحمەد، باسی لەوەکرد، حاڵەتی شکاوی جۆری جیاوازی هەیە بەدواداچونمان کرد بۆ ئەم روداوە دەرکەوت پێویستی نەکردوە راستەخۆ پزیشکی پسپۆڕ بیبینێت، بە پزیشکە نیشتەجێکانی وتبو کە گەچی بۆ بکەن تاوەکو دەیخەیەنە سەرەی نەشتەرگەرییەوە.

حاڵەتی دیکە کە بەهەمان شێوە پزیشک نەهاتبێتەوە بۆ بینینی نەخۆش، هەندرێن کەریم، باسی لێوەکرد کە توشی ئازاری زۆری گورچیلەبوە، بەڵام پزیشک هیچ کارێکی بۆ نەکردوە تاوەکو گەشتۆتە ئەو دۆخەی لە ئازاری زۆردا توانای قسەکردنی نەمێنیت، کەچی لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن حاڵەتەکەی بەلای پزیشکانی ئەوێوە هیچ گرنگیی نەبوە، تاوەکو چوەتە نۆرینگەو چارەسەری بۆ کراوە.

## 16. لێپێچینەوەکان لەبەرامبەر نەهاتنەوەی پزیشک بۆ بینینی نەخۆش

تاوەکو ئێستاش نەهاتنەوەی پزیشک بۆ ئەو حاڵەتانەی کە پێویستە بەردەوامە، لێپرسراوی بەشی کارگێڕی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژاریش دەڵێت: چەندینجار بەوهۆیەوە کارمەندانی بەشی کردە پزیشکیەکان ناڕەزایەتیان دەربڕیوە بەوەی پزیشکی پسپۆر نایەتەوە بۆ بینینی نەخۆشەکەی، بەڵام کاریگەری ئەوتۆی نەبوەو ئەم حاڵەتە هەربەردەوامە.

گەلاوێژ حەسەن، لێپرسراوەکەی بەشی کارگێڕی، ئەوەشی خستەڕو کە لێپێچینەوەکانیان لەو بارەیەوە تەنها ئەوەیە کە پزیشک بە نەهاتو هەژمار بکەن.

لەبارەی ئەوەشی ئاخۆ بەنەهاتن هەژمارکردن چ کاریگەرییەکی دەبێت؟ (گەلاوێژ) هێمای بەوەکرد: "لەم حاڵەتەدا کاریگەری لەسەر موچەکەی دەبێت لەگەڵ ساڵ و مانگی خزمەتەکەی دوا دەکەوێت".

لەماوەی هەشت مانگی ئەمساڵدا ٢ پزیشک بەهۆی نەهاتنەوەیان بۆ بینینی نەخۆش بە نەهاتو سزادراون.

یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، بەهەمان شێوە باسی لەوەکرد لە هەر حاڵەتێک کە پزیشک یاخود کارمەندی تەندروستی نەخۆش نەبینێت یاخود هەر کێشەیەکی دیکەی لەو بابەتە لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت .

گۆران محەمەد، وتیشی: "حاڵەتمان هەیە کە پزیشک رۆشتوەتەوە و نەخۆش چاوڕێ کردوە سزای نەهاتوی بۆ هەژمار کراوە".

## 17. لە ناوەندە تەندروستیەکانی وەک بەشی فریاکەوتن لەبری چارەسەر سوکایەتی بەنەخۆش دەکرێت

لەکاتی ئەنجامدانی راپرسیەکەماندا، چەندین هاوڵاتی گلەیی و گازندەیی خۆیان خستەڕو بەوەی سوکایەتی بە نەخۆش دەکرێت لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن بەشێوەیەک دایکێک باسی لە دۆخی کچەکەی کرد کە بردویانەتە ئەو نەخۆشخانە و پزیشکە موقیمەکە گاڵتەی پێکردوە بەوەی "تەنها مەکر دەکات"، لە کاتێکدا کچەکەی کێشەی دڵی هەیە و ئەوکاتە توانای هەناسەدانی زۆر قورس بوە، مانگی داهاتو بەو هۆیەوە نەشتەگەری بۆ دەکرێت لە دەرەوەی وڵات، چونکە حاڵەتەکە زۆر قورسبوە.

لەبەرامبەر ئەم حاڵەتەدا لێپرسراوی بەشی فریاکەوتنی شەهید هەژار بێ ئاگای خۆی لە حاڵەتی ئەو نەخۆشە پیشاندا کە باری ژیانی کەوتۆتە مەترسی و پزیشکی نیشتەجێی خولاو سوکایەتی پێکردوە.

ئارام ئەحمەد، وەک لێپرسراوی بەشەکە وتیشی: "ئەو خێزانە دەیانتوانی سکاڵا بکەن".

نەک تەنها لە لایەن پزیشکەوە، بەڵکو بە وتەی چەند هاوڵاتیەک، لەلایەن کارمەندانی تەندروستی بەشی فریاکەوتن و ئەو خوێندکارانەی کە لەو بەشە مەشق دەکەن، گاڵتە بە نەخۆش کراوە.

سومەیە ساڵح، نەخۆشێکی دیکەی سەردانیکەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژارە، باسی لەوەکرد کە دەستی بریندار بوە، ئەوەندە پێکەنیون و گاڵتەیان کردوە ئەو تەقەڵانەی بۆ دەستی کرابو بەشێوازێکی ناشرین و خراپ بۆی کراوە.

وەڵامی ئارام ئەحمەد، بەرپرسی بەشی فریاکەوتن بۆ ئەم حاڵەتە دوبارانەی کارمەندان و کاری خوێندکاران لەو بەشە وتی: "خوێندکارەکان لە ژێر سەرپەرشتی کارمەندانی بەشەکە کاردەکەن". ئەم وەڵامە لەکاتێکدایە هەڵەکان تەنها ئاراستەی خوێندکاران نەکراوە، بەڵکو ئاراستەی کارمەندانیش کراوە.

## 18. داواکاری گشتی گەرمیان: دەبێت بەڕێوبەری تەندروستی و قائیمقام لێپێچینەوە لە نەهاتنەوەی پزیشک بۆ بینینی نەخۆش بکەن

نەهاتنەوەی پزیشک بۆ بینینی ئەو حاڵەتانەی کە پێویستن لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار و نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون، بە وتەی داوکاری گشتی گەرمیان دەبێت لەلایەن بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان و قائیمقامیەتەوە لێپێجینەوە لەگەڵ ئەو پزیشکانە بکرێت.

دادوەر (نزار حەسەن)، سەرۆکی فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان، لەمبارەیەوە وتی: "نەهاتنەوەی پزیشک بۆ ئەو حاڵەتانەی کە پێویستن و ئەنجامدانی کارەکەی بە تەلەفۆن لە لایەن کارمەندانی فریاکەوتن و پزیشکی موقیمەوە نەشیاوە".

ئاماژەی بەوەشکرد: "دەبێت بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان و قائیمقامیەتی شار بەوردی چاودێری ئەو بابەتە بکەن و لەکەس قبوڵ نەکرێت ئەو جۆرە کارانە ئەنجام بدات و رێکاری یاسایی دژ بگرنەبەر و لێپێچینەوەی لەگەڵ بکەن".

لەبارەی بونی سکاڵای تایبەت بەم پرسە داواکاری گشتی گەرمیان جەختیکردەوە کە تاوەکو ئێستا هیچ جۆرە سکاڵایەک سەبارەت بەم کێشەیە نەگشتۆتە دەستی ئەوان.

## 19. بەڕێوبەری گشتی بەرپرسانی فریاکەوتن بەهۆکاری ئەنجامنەدانی لێپێچینەوە لە پزیشک دەزانێت

بەبەردەوامی لە لایەن دانیشتوانی گەرمیانەوە یەکێک لە گلەییە سەرەکیەکان کە لە کەرتی تەندروستی دەکرێت، نەهاتنەوەی پزیشکە بۆ بینینی نەخۆش لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش بەرپرسانی نەخۆشخانەکە بەهۆکار دەزانێت.

د.سیراون محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لەسەر ئەم گلەیی و گازندانەی هاوڵاتیان ئاماژەی بەوەکرد: "زۆرجار هاوڵاتی نازانێت کە ئایا حاڵەتێک پێویست دەکات پزیشکی پسپۆڕ ببینێت یاخود نا، لە

تەندروستیشدا ئەوەشمان هەیە هەندێک حاڵەت هەیە پزیشک نایەتەوە لەبەرئەوەی چارەسەری سەرەتایی بۆ نەخۆشەکە کراوە، پزیشک خۆی کاتی گەڕانەوەی هەیە، لەکاتی دیاریکراودا دێتەوە نەخۆشخانە و دەیبینێت، ئەمە یاسایە و بە ئێمە ناگۆڕدرێت".

ئەوەی دەست یەکەی چاودێری کەوتوە لە بەدواداچونەکان دا، حاڵەت هەبوە پێویستی کردوە پزیشکی پسپۆڕ بیبینێت، بەڵام پزیشک نەهاتۆتەوە بۆ بینینی.

لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی رابردودا بەڕێوبەری گشتی لە نوسراوێکی فەرمی ئەوەی خستۆتەڕو کە نابێت هیچ نەخۆشێک بنێردرێتە سلێمانی بە بێ واژۆی پزیشکی پسپۆر، واتە پزیشکە پسپۆڕەکە دەبێت نەخۆشەکە ببینێت، بەڵام بە پێی قسەی بەرپرسانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن و بەشی کردە پزیشکیەکانی گەرمیان و هاوڵاتیان، تاوەکو ئێستا پزیشک هەیە بە تەلەفۆن نەخۆش دەنێرێتە سلێمانی.

سەبارەت بەمە بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان جەختی لەوەکردوە کە: "بەرپرسانی فریاکەوتن هۆکارن بۆ ئەوەی لێپێچینەوە لەو پزیشکانە نەکرێت، چونکە بە نوسراوی فەرمی تاوەکو ئێستا ئێمەیان ئاگادار نەکردۆتەوە لەو حاڵەتانە کە ئەوە ئەرکی ئەوانە بۆ هەر بابەتێکی لەو شێوەیە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی ئاگادار بکەنەوە کەواتە ئەوانیش تاوانبارن".

د.سیروان محەمەد، لەسەر ئەم پرسە دڵنیایی ئەوەشیدا، ئەگەر حاڵەتێکی وەها ببینێت یاخود هەواڵی پێبدرێت کە بە بێ واژۆی پزیشک نەخۆش بە ئەمبۆلانس نێردراوە بۆ سلێمانی، بەشێوەیەک لێپێچینەوە دەکات کە شۆفێری ئەمبۆلانسەکەش سزادەدات.

## 20. ڕێگەچارەکانی تێکەڵنەکردنی کاری نۆرینگە و نەخۆشخانە حکومیەکان

لەبارەی ڕێگەچارە بۆ کەمکردنەوەو بنبڕکردنی دیاردەی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانەو ناوەندە تەندروستیە حکومیەکان بۆ نۆرینگەو نەخۆشخانە ئەهلیەکان، د.گۆران عبدولا، هەڵگری بروانامەی دکتۆرا لە بواری سیاسەتی تەندروستی نێودەوڵەتی دەڵێت: نابێت کەرتی گشتی و تایبەت بەتێکەڵاوی بمێنێتەوە و بواربدرێت لەیەک کاتدا لە کەرتی گشتی و تایبەت کاربکرێت ئەم دو کەرتە پێویستە جیابکرێنەوە، دەشتوانرێت لەم حاڵەتەدا موچە گۆڕانکاری بەسەردابێت ڕێکبخرێتەوە بە پێی کاتژمێرەکانی دەوامکردن.

وتیشی: "ناکرێت خەڵک هەبێ تەنها ئیشی ئەوە بێ نەخۆش لە کەرتی گشتیەوە قەوانەی نۆرینگە و نەخۆشخانە تایبەتەکان بکات، هەربۆیە نابێت بوار بە نوێنەری ئەو نورێنگە و نەخۆشخانە تایبەتانە بدرێت بە ئارەزوی خۆیان لە فریاکەوتنەکان و نەخۆشخانە گشتیەکان نەخۆش بۆ نەخۆشانە تایبەتەکان پەیدا بکەن و بەشێوەیەکی ناشرین

نەخۆش بترسێنن کە گوایە لە کەرتی گشتی هیچیان بۆ ناکرێت، ئەم دیاردەیە پێویستە بنبڕبکرێت و ئەوانەی ئەنجامی دەدەن روبەڕووی بەدواداچونی یاسایی بکرێنەوە".

## بەشی سێیەم: راسپاردە

1. بەگشتی هاوڵاتیان رەخنەیان لەوەهەیە کە نەخۆشخانە حکومیەکان هەمو خزمەتگوزاریەکانیان بۆ فەراهەم ناکات، هەربۆیە زۆرجار دەبێت بچنە نۆرینگە و نەخۆشخانە تایبەتەکان، ئەمەش وەکو نەنگیەکی کەرتی تەندروستی دەبینن. ئەم حاڵەتە متمانەی هاوڵاتیانی بە کەرتی تەندروستی حکومیی لاواز کردوە، ئەمەش بەپێی ساڵان بەردەوام بوە و تاوای لێهاتوە هاوڵاتیان بۆچونێکی وەهایان لەلا گەڵاڵە بوە کە لە نەخۆشخانە حکومیەکاندا تەنها بەڕێدەخرێن و چارەسەری بنبڕیان بۆ ناکرێت، ئەم نەمانی متمانەیەش، مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەکاتێکدا کەرتی تەندروستی ساڵانە بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت و کەچی هاوڵاتیانیش وەکو پێویست لە خزمەتگوزاریەکانی رازیی نین.

2. حاڵەتەکانی ناردنی نەخۆش لە نەخۆشخانە حکومیەکانەوە بۆ نۆرینگە و نەخۆشخانە تایبەتیەکان حاڵەتێکە بونی هەیە و بەرچاوە، بەڵام کێشە ئەوەیە کە نە هاوڵاتی لەمبارەیەوە سکاڵا دەکات، نە حکومەت و تەندروستی و لایەنە پەیوەندیدارەکانیش بەدواداچونی ریشەییان کردوە بۆ بنبڕکردنی، بۆیە واباشە هاوڵاتیان و چالاکوانان لەکاتی بونی حاڵەتی هاوشێوە سکاڵا تۆمار بکەن، هەروەک تەندروستیش لیژنەی تایبەت بە بەدواداچون پێکبهێنێت.

3. تەندروستی گەرمیان بۆ رێگەگرتن لەم حاڵەتە، هەندێک بڕیاری دەرکردوە و گشتاندویەتی، بەڵام هەست دەکەین پابەندبونی پێویست بەو بڕیارانەوە نیە و کەچی ئەو دەزگایەش بەدواداچونی پێویست و لێپێچینەوەی نەکردوە بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارانە.

4. جیاوازییکردنی مامەڵەی پزیشک لەگەڵ نەخۆش لە کەرتی تایبەت و گشتی دا زۆر رون و ئاشکرایە و راپرسیەکەی یەکەکەشمان پشتراستکەرەوەیەکی ئەو جیاکارییەیە، بەڵام ئەوەی هەستی پێناکرێت، نەبونی هیچ هەوڵێکە بە ئاقاری نەهێشتنی ئەم جیاکارییە، ئەمەش پێویست بە گرتنەبەری رێوشوێنی ئێستایی و هەروەها دور مەودا دەکات، بەشێوەیەک ئەگەر پێویستی کرد هەمواری یاسا پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بەم بوارەوە بگرێتەوە.

5. گرنگە تەندروستی گەرمیان هەڵسەنگاندن بۆ کاری پزیشکان بکات و ئەو پزیشکانەی کە جیا لە کاتی خۆیان کاتی زیاتر بەنەخۆش دەدەن و دەمێننەوە لە بەشەکانی راوێژکاری و نەشتەرگەری زیاتر ئەنجام دەدەن یاخود لە

بەشەکانی فریاکەوتن جیاوازن لە پزیشکەکانی تر ریزلێنان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی هاندانێک ببێت بۆ بەردەوام بون لەسەر کارە باشەکانیان.

6. پێشنیاز دەکەین بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان لەرێی ئاراستەکردنی نوسراوی تایبەتەوە ناوەندە تەندروستیەکان و بەتایبەت پزیشکان ئاگادار بکاتەوە لەوەی دانی پەسنی کەرتی تایبەت بەسەر حکومیی دا و ناردنی نەخۆش لەم کەرتەوە بۆ ئەوەی تر، رێگەپێنەدراوە و لێپێچینەوەی لەسەر دەکرێت، لیژنە تایبەتەکانیش رابسپێرێت بۆ بەدواداچونی ئەم پرسە.

7. پێشنیاز دەکەین بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان بۆ گفتوگۆکردنی وردتر لەسەر ئەم پرسە، گفتوگۆ و سیمینار و وۆرکشۆپی تایبەت بە پزیشکان ئەنجام بدات چ بە تەنیا یان بەهاوبەشی حکومەت و کۆمەڵگای مەدەنی، بۆ ئەوەی بەهەموانەوە لەسەر وردەکاریی ئەم کێشەیە و هۆکارەکانی بوەستن و پێکەوەش هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 -07480207400

Radiodeng@yahoo.com

Radiodang.org